


# فەرماندە

ناسر وەحیدی
(بۆکان)

کە چاوی هەڵێنا خۆی لە شوێنیکی نامۆ دیتەوە. ئەو شوێنە نە لە پەرستارخانە دەچێ نە لە ماڵی باوکی، نە لە ماڵی خزم و دۆست و ئەو برادەرانەی کە پێشتر چووبووە ماڵیان، هەرچەند گوشاری بۆ مێشکی دێنا، هیچی بۆ نەچووەوە سەریەک، هەتا بزانێ چۆناوچۆن و لە کوێوە گەییبووە ئێرە. چاوی لە ژێر میچی ژوورەکە کرد، بەرینایی ژوورەکە لە سێ لە چوار گەز زیاتر نەبوو، سەری بە ئێرانێت گیرابوو و دوو گلۆپی زەردەڵ ڕووناکییەکی کزی دەڕژاندە نێوی. لە شانی ڕاستەیەوە سێ تەختی دیکەی لێ دانراوە، سێ کەس بێ هەست و خوست لەسەری خەوتبوون. دەیەوێ خۆی قیت کاتەوە، بەڵکوو دەموچاویان ببینێ و سەرەداوێک لە چۆنیەتی هاتنی بۆ ئێرە دەست کەوێ. برووسکەیەکی ژان و برک وەک تیسکەی تفەنگ بە مۆغەرەی پشتیدا دێ و کوتی: «وەی باوکەڕۆ مردم.» نەیتوانی خۆی قیت کاتەوە..

لەهۆش خۆی دەچێ. زەمانی لە دەست دەرچێ، بۆی دەر ناکەوێ ئەم لەسەر خۆچوونە چەندی خایاندبوو کە هۆشی هاتەوەبەر خۆی، ئەویش کاتێک بوو کە کیژێکی پەرستار بە کراسێکی سپییەوە نیوە کوردی و نیوە فارسی وەئاگای دێنێتەوە. کوتی: «بوڵند بشوو زەخمەکانت بۆ دەرمان دەکەم.» کە گوێی لە وشەی زەخم و دەرمان دەبێ داچڵەکی، هەرچەند لە هەموو قسەکانی ئەو خانمە حاڵی نەبووبوو. خانمەکە پەتووی لەسەر لادا و بەدەست ئاماژەی پێ کرد کە بکەوێتە سەرلاتەنیشت. تێ گەیشت، بەڵام هەرچی هێزی دایە بەر خۆی، نەیتوانی وەرسووڕێ. پەرستار قاوی کەسێکی کرد، بێت یاریدەی بدا. پیاوێکی باڵابەرزی چوارشانە هاتە ژوورەکە هەردووک ڕانی گرت و

بە ئەسپایی وەری دەسووڕێنێ. پاش شۆردنەوە و تیمارکردنی برینەکانی پشتی، بە یاریدەری کوت: «بیخەوە سەرزگ.» برینەکانی زگیشی تیمار کرد. کابرای یاریدەدەر بە فارسی کوتی: «برینەکانت گۆشتەزوونیان هێناوە، خەریکە دەم وێک دێننەوە، تازە لە مردن خەلەساوی.».

ئەو کوتی: «کەی و لە کوێ بریندار بووم.»

یاریدەر کوتی: «با کەمێکی کە چاک بیەوە دوکتۆر دێت هەموو شتێکت بۆ ڕوون دەکاتەوە.»

هاتوهاواری هاو ژوورەکانی لە کاتی گۆڕینی برینپێچەکەیان، هەودای خەیاڵی لێ ئاڵۆزتر کرد. هەرچی کردی و کۆشا نەیزانی بۆ و لە کێ بریندار کراوە. پێی سەیر بوو ئەو شوێنە ئەگەر خەستەخانەش بووایە، لە خەستەخانەیەکی ئاسایی نەدەچوو. پەتووەکانی بۆرێکی چلکنی سەربازی بوون. یاو خەریکە گڕ لە گیانی بەر دەدا، ئارەقە بە تەوێڵیەوە پوورەی دەدا و بە لاتەنیشتی کەپۆیدا شۆلاوگە دەکا و دەتکێتە ناو چاوی، چاوی دەزووراوە. بەدەم یاوەوە وڕێنە دەکا: «نەنە گەرمامە، ئاورم تێبەر بوو ئەو پەتووانەم لێ بکەوە مردم.».

وای دێتە بەر خەیاڵ نەنە زارا بە پەڕۆی تەڕ نێوچاوانی فێنک دەکاتەوە دەڵێ: «قەزات لەسەرم کەوێ ئارام بگرە، تاقەت بێنە تۆ کوڕێکی زۆر بە تاقەت و بە وەرەی.»

ئەو دەڵێ: «دایە ئەوە نەخۆشی نییە کە تاقەتی بێنم، دەڵێن گوللەم وێ کەوتووە، گوللە!. تۆ چووزانی برینی گوللە چەند بەژانە. تۆ ئەم برینە ناناسی. تۆ قەتت گوللە وێ کەوتووە من نەمزانیبێ؟ دەستی تۆ تەنیا برینی دەمەچەقۆی چێشتخانە دەناسێ، ئەم برینە لەگەڵ برینەکانی تۆ زۆر جیاوازە، نەنە تۆ (ئەبولفەز) قومە ئاوێکم دەیە خنکام لە تونیان.» هەمووگیانی گڕ دەگرێ، تاوێک لەرزی لێ دێ چەقوچۆ دەکەوتە گیانی وەک مێوژۆکە دەلەرزێ.

بەیانی ڕۆژێکی دیکە کە پەرەستار دێ بۆ شۆردنەوە و گۆڕینی برینپێچەکانی، پیاوێکی ڕەزا سووکی مووماشو برینجی کورتەباڵای لەگەڵە، بە یارمەتی پەرەستار وەری دەسووڕێنێ برینپێچەکەی دەکەنەوە. ئەو پیاوە دوکتۆری نەخۆشخانەیە، چاو لە برینەکەی دەکات دەڵێ: «بەخت یارت بوو ئەو گوللانە وەجێی زۆرکاریگەرت نەکەوتوون. ئەوەی سەر مۆغەرەی پشتت نەبێ، ئەویش نەشتەرگەریمان بۆ کردووی شتێکی وا نییە. تۆ جەحێڵی زۆر زوو دەکەویەوە سەر پێ.»

ئەو پرسیاری کرد: «دەکرێ پێم بڵێی ئێرە کوێیە؟»

دوکتۆر کوتی: «ئێرە نەخۆشخانەی حزبە.»

ئەو پرسی: «من لە کوێ بریندار بووم، چۆن هاتوومەتە ئێرە؟»

دوکتۆر کوتی: لە کۆڵانەکانی هەشت میتری نزیک خانەی جەوانان تێکهەڵچوونێک بووە، لەوێ بریندار بووی. پێشمەرگە تۆیان بە برینداری هێناوەتە ئێرە، مەترسە لێرە گیانت پارێزراوە.

هەرچەند گوشار بۆ مێشکی دێنێ و کوڕوکاش دەکا هیچی وەبیر نایەتەوە. چاوی لە بنمیچەکە قەتیس دەکا. بەر لە هەموو شتێک نەنەزارای دایکی دێتەوە بیر کە بەر لە هاتنی بۆ کوردستان، چەندەی لەبەری پاڕا بۆوە: ڕۆڵە نەچییە بەرەی شەڕ لە کوردستان، دەڵێن کوردەکان زۆر دڵڕەقن، پیاو سەر دەبڕن، بە زیندوویی چاو هەڵدەکۆڵن. ڕۆڵە بە خاتری خوێنی شەهیدانی کەربەلا مەچۆ بۆ کوردستان. وەبیر هێنانەوەی ئەم قسانە وەک ژیشک وێکی دێنێ، چەند جار چاوە مەڕیەکانی پێ دەترووکێنێ.

لەلایەکی کەوە قسەکانی حوجەتولئیسلام مەلەکووتی ئیمامی جومعەی شاری دێتەوە بیر کە دەیکوت: «ئێوە هەرچی زووتر بچنە نێو بەرەکانی شەڕ، ئەم کارەی ئێوە وەک ئەوە وایە کە چووبێتنە شەڕی کەربەلا، ئەرک و پاداشتی ئێوە ئەگەر لە سەربازانی

لەشکری ئیمام حسێن زیاتر نەبێ، کەمتر نییە. ئێوە ئەگەر بکوژرێن دەچنە ڕیزی شەهیدانی کەربەلا و سەرەتای ئیسلام، کۆشک و حۆری و بەهەشتتان بە نسیب دەبێ، کلیلی بەهەشتتان دەدەمێ. کوردستان کەلبەلای ئێرانە. ئەوانە کافرن لەگەڵ سەبازانی خودا بەشەڕ دێن. ئەرکی هەر موسڵمانێکە بچێتە شەڕی کافران. ئەویان بۆبازرگانی مەرگ ڕەوانەی کوردستان کردبوو. ئەو هاتبوو سەودا و مەعامەلەی کوشتن بکا، هاتبوو ئەوەی کە کێ بکوژێ و چۆن بکوژێ گرینگ نەبوو. لە ژن و منداڵی سەرلانکەوە بیگرە هەموو هەو بوون، یان بە دیوەکەی کەدا خۆی بکوژێ.

بە وەبیر هێنانەوەی ئەو قسانەی مەلەکووتی، بیر لەوە دەکاتەوە ئێستا ئەو کەوتووەتە دەست کافر و بە دیل گیراوە، ئەو بیرۆکەیە چەقوچۆ دەخاتە گیانی. یاو و لەرزێک دایدەگرێ، وەک ئەوەی لە چاڵە بەفریان گرتبێ، وەک شەپڵە لێی دابێ، دەلەرزی. تەقە تەقی ددانی سەرنجی دوکتۆر و کیژە پەرستارەکە ڕادەکێشێ. دوکتۆر بە پەرستار دەڵێ: «بچۆ ژوورەکەی من پەتووەکەی منی بۆ بێنە، سیرۆم و دەرزیش بێنە لێی بدە، جوان داپپۆشە، هێشتا چڵک و کێم لە خوێندا تەواونەبووە. هیوادارم بە لێدانی ئەو دەرزی و خواردنی ئەو حەبانە بە یەکجاری کۆتایی بێ.»

پەرستار چەند خولەکی پێ دەچێ هەتا لە ژوورەکە وەدەر دەکەوێ و دوایە بە کیسەی (موغەزی) سیرۆم و چەند دەرزیەکەوە دەگەڕاوە ژوورەکە. کیسەی سیرۆمی بە قەدی دیوارەوە هەڵواسی و بە دەستی ئەوەوەی بەست، ئەو دەرزیانەی کە هێنا بوونی کردە نێو سیرۆمەکە. کوتی: «ئێستا گەرم دەبیەوە و تایەکەت هێور دەبێتەوە.» ئەو بەردەوام دەلەرزی و چەق و چۆی دێتێ. پاشان پەرەستار دەچێ پەتووەکەی دوکتۆری بۆدێنێ ئەویشی پێدا دەدا. ئەو بە دەنگێکی ئاشنا وەخەبەر هاتەوە. سەری بۆلای دەنگەکە وەرسووڕێنێ، بڕوای بە چاوی نەکا.:

«بەڵێی کەریم بێ.» شایی لە دڵی دەگەڕێ. بۆ ئەوەی دڵنیا بێ بەزمانی تورکی کوتی: «کەریم گەرداشم سەن سەن.» کەریم لە قوڵپەی گریانی دا کوتی: «شوکر بۆ خودا براکەم کە زیندووین، بەڵێ منم.»

ئەو پرسی: «ئێمە لە کەیەوە لێرەین.»

کەریم کوتی: «ماوەی پازدەڕۆژێک دەبێ. هیچ بە هیوات نەبووین. وادیارە شوکر لەخەم ڕەخساوی. وەبیرت دێ چۆن کەوتینە بەر هێرش؟ ڕاوەستە با بێمە پەنا تەختەکەت.» کەریم بە جووتێ چێوشەقەوە دارشەقەوە بە شەلەشەل لە تەختەکەی نزیک دەبێتەوە. پێی کوت وەبیرت دێ ئەو ڕۆژە بۆ دیتنی شار و خەڵکی مهاباد چووینە نێوشار. تۆ زیادە لە هەموو ڕۆژێ ئەو ڕۆژە چەکت لەگەڵ خۆت نەهێنا. لەبیرتە کوتت: «ئەگەر خەڵکی ئەم شارە، کافرن ئەی ئەم هەمووە مزگەوت و بانگ و سەڵا و نوێژکەرە چییە؟» من کوتم ئیمام فتوای جیهادی داوە، ئێمە کارمان بەسەر ئەوە چییە. ئەو حەتمەن شتێک دەزانێ بۆیە فتوای وای داوە. من ئەودەم هەتا ئەو ڕۆژەی کە بریندار بووین، وام دەزانی کورد کافر و خوێنڕێژە. کاتێک لە زارکی کۆڵانەکەوە ناخافڵ کەوتینە بەر دەسرێژ، بێ ئەوەی تەقە بکەین هەموومان کەوتینە بەر گوللە، وادەرکەوت هەر من و تۆ لەو نێوەدا زیندوو بووین. چاوم لەتۆ بوو وەک مریشکی سەربڕاو لە جێی خۆتەوە کەوتبوویە پەلەقاژە. من لەترسان خۆم مراند نەوەکوو بێن بزانن زیندووم بمکوژن، جووڵەم لە خۆم بڕێ. تەنانەت پشووم لە سینگمدا قەتیس کرد. دوو پێشمەرگە هاتنە سەرمان، پاش کۆ کردنەوەی چەکەکان دەستیان لەبەر دەم و لووتمان ڕادەگرت یەکیان کوتی: «هەر ئەو دووە زیندوون، برینەکەیان قورسە، با زۆر ئازار نەکێشن فیشەکی خەلاسیان پێوەنێم.» ئەوی دیکە کوتی: «ئەوانە هێشتا

زیندوون، لەگەڵ خۆمان دەیانبەین. خۆیان و بەختیان بەشکوو زیندوو بمێنن.»

بۆی گێڕاوە شەو کاتێک بە تەواوی بەسەر وڵاتدا دادەکشێ، بچکۆلەی ماشێنی بار بارێک دێ، ئەوانی بار کردبوو بردبوونی بۆ ماڵێک لە قەراغ شاری. خوێنێکی زۆریان لەبەر ڕۆییبوو، بە تایبەتی برینەکانت قورس بوون. برینیان تیمار کردین و بەو ماشێنە لە شار بەدەریان بردین. پاشان لە چەند شوێن ماوەیەک وێستان تا هاتینە ئێرە. ئێرە نەخۆشخانەی حزبە، ئەوانەش هەموو دژی شۆڕشن. نەشتەرگەریان بۆ کردووین. گوللە لە ئێسکی لاقمدا مابۆوە بە نەشتەرگەری دەریان هێنا، ئێستا بەبێ چێوشەق ناتوانم بە ڕێدا بڕۆم..

ئەو پرسیاری کرد: «بڵێی پاش چاک بوونەوە، چمان لێ بکەن؟ تۆ بڵێی بمانکوژن؟.

کەریم کوتی: «من باوەڕ ناکەم بمانکوژن، ئەگەر وا بووایە بۆ ئەو هەمووە زەحمەتەیان دەخستە بەر خۆیان، هەر لەوێ یەکی گوللەیەکیان دەنا بەسەرمانەوە.»

ئەو کوتی: «بڵێی قازانجی ئێمە بۆ ئەوان لە چیدا بێ؟»

کەریم: کوتی: «ئێستا نازانم، بەڵام داهاتوو ئەوە ڕوون دەکاتەوە.»

ئێستا وردە وردە بەبێ یارمەتی پەرەستار، دەتوانێ خۆی ئەم بار و ئەوبار بکا، کەریم بۆ زۆر کار یاریدەی دەدا. ماوەیەکی زۆری پێچوو هەتا بە یارمەتی کەریم و چێوشەق وەک شەپڵە لێ دراو بە لەرزە لەرز دەروژووڕێ دەکا. ئێستا بەتەواوی خۆشەوە نەبووبوو، لە نێو نەخۆشخانە و دەور و بەر قاڵمەقاڵم پەیدا بووە، ماشێنی بارکێش هاتبوون کەلوپەلیان دەگوێزاوە، پێیان کوتن خۆتان سازکەن لێرە بار دەکەین، لەوە زیاتر ناتوانین لێرە بمێنینەوە. دەوڵەت لێمان نزیک بووەتەوە، ئێرە ئەمن نییە. ئەو پرسیاری کرد: ئەی ئێمە چ لێ دەکەن؟

دوکتۆری بەرپرسی نەخۆشخانە کوتی: «نیگەران مەبن، ئێوە ئازاد دەکەین. ناتوانین لەگەڵ خۆمان بتانبەین.» باوەڕ کردنی ئەم قسەیە بۆ ئەو زۆر قورس بوو، خۆی وەک مەڕی قوربانی دەهاتە بەرچاو کە پاش ماوەیەک بەخێو کردن ئامادەی دەکەن بۆکوشتنەوە، لەبەر خۆیەوە دەڵێ «نا شتی وا هەر نابێ، پارووی وام بە هیچ کلۆجێک پێ قووت نادرێ.» دەزانێ ئەگەرنەشیانکوژن، لانی کەم دەبێ لەگەڵ دیل و زیندانی خۆیان بیانگۆڕنەوە! «شتی وا هەر نەبووە و نابێ، باوەڕ کردنی ئەوە، کارێکی گەمژانەیە.» ئەو دوو ڕۆژەی نەخۆشخانەیان کۆ کردەوە هەر چرکەساتێکی مردن و زیندوو بوونەوەیەک بوو بۆ ئەو و نەخۆشەکانی کە، چاوەڕێی ئەوەی دەکرد چاوی ببەستن و لە نێوچاڵێکدا گوللەیەک بنێن بە سەریەوە. خەو و خۆراکی لێ هەڵگیرا، بەردەوام نەنەزارا و خوشکەکانی دەهاتنە پێش چاوی، دەموچاویان دەڕنی و خۆیان بەسەر تەرمەکەمدا دەکێشا، شینگێڕییان دەکرد. باوکی حاجی حسێنی دەبینی فرمێسک لە چاوە شینەکانی کە بووبوونە گۆمی خوێن، دەڕژا سەر ڕیشە سپیەکەی. سینگی خۆی دەکوتا دەیکوت: «ڕۆڵە چەندەم پێ کوتی مەچۆ شەڕی کوردان، من دەمێکە سەودا و معامەلەم لەگەڵیان هەیە، ئەوانە کافر نین. وەک ئێمە موسڵمانن، ئەوان سونین و ئێمە شیعەین. لە هێندیک شتدا جیاوازیمان هەیە. بەو جیاوازیانە نابنە کافر.».

هەرچی دەکا هیچی بۆ ناچێتەوە سەر یەک، گێژاوێک بوو تێی کەوتبوو، پەلەقاژەی تێدا دەکرد و دەرچوونی نەبوو. نەیدەتوانی خۆی لێ دەرباز بکا. هانای بۆ (کەریم)ی هاوڕێی برد، ئەویش کۆتریکی تۆقیوی نێو قەفەس بوو کە خۆی بە تەڵەی گومانە ترسناکەکاندا دەکوتا. دەیکوت: «ئەو قسەیە کارێک نییە جێی بڕوا

بێ، هەروا بە سووک و سانایی بەرەڵامان کەن. من گومانم هەیە لەم قسەیە»..

ئەو کوتی: «دەڵێی چی ئەمشەو لەم غەڵەباییەدا هەڵێین؟»

کەریم کوتی: «من بەو چێوشەقانەوە و تۆش بەو برینانەوە چەندە دەتوانین بڕبکەین؟» تازە نەیاندەزانی بەرەو کوێ بڕۆن؟ سەرەڕای ئەوەش زمانیان نەدەزانی. ڕەنگە ئەگەر وەگیر کەوتایەن، خەڵکی هەر بە دار و بەرد بیانکوژن، یان هەر نەبێ تەحویلی پێشمەرگەیان بدەن. کەریم دەڵێ: «لێرە بە گوللە بمانکوژن باشترە.» ئەو دوو- سێ ڕۆژە دنیایان لێ دەبیتە چەرمی چۆلەکە، لە هەموو ناخۆشتر ئەوە بوو ئەو چەند ڕۆژە یەکبین وێنەی نەنەزاری دایکی و بنەماڵەکەی زۆر بە ئاڵۆزی دەهاتە بەرچاو. ئەوەش دوو هێندەی تر ترسی دەخزاندە نێو دڵی و خەفەتبارتری دەکرد. هیچ شتێک لە ئازاری چاوەڕوانی بە ژانتر نییە، ئەویش چاوەڕوانی مەرگ. وەک کەسێکی سێڵاو بردوو لە ڕەگەگیایەک دەگەڕا، بەڵکوو خۆی لە خنکان پێ ڕزگار بکا. لە بیابانێکی پڕ لە لمی قاقڕدا گیری کردبوو، هیچ ئاوەدانییەکی لێ دەر نەدەکەوت. هەر جووڵەیەک، هەر چرپەیەک و چاو لێ کردنێکی لێ دەبێتە بەڵگەی مەرگ و تەعبیرێک بۆ کوشتن. دواجار لە بەیانیەکی ساردا کە ئەو و کەریم لەبەر بەبەڕۆچکەی سەرمابردەڵەی پاییزی بە پەتوو خۆیان هەڵخەن، دوکتۆر بە جلێکی خۆڵەمێشی و چەک لەشان بەرەو ڕوویان دێ. هەردووکیان لەبەر خۆیانەوە خەریکی ئەشە خۆێندن دەبن. دوکتۆر بە بزە و پێکەنینەوە کوتی: «وادیار حاڵتان باشە، هاتووم بۆ ئاخر دیدار خواحافزیتان لێ بکەم. ئێوە ئازادن، تاوێکی کە ماشێن دێ بە دووتاندا دەتانباتە نزیک شاری.» نازانێ لەخۆشیان بگری، یان یەک بە هەموو ئەوناوە لە خۆشیان لە قاقای پێکەنین بدا. باوەشی بە دوکتۆردا کرد وەک باوکی حاجی حسێن ئاغا، وەک برا و خۆشەویستترین کەسەکانی تێر تێر ماچی کرد. (کەریم)یش هەر وا، بەڵام ئێستاش هەر دڵکرمێن. لە دوکتۆری پرسی: «دوکتۆر دەتوانم بپرسم ناوت چییە؟»

دوکتۆر کوتی: «من لە تۆ دەپرسم ناوت چییە؟ پێویست ناکا، ناوم بزانی، هەموو هەر مرۆڤین تۆ نەخۆشی، منیش دوکتۆر. بڕۆن خۆتان ساز کەن، بە دوعا.» دوکتۆر لەگەڵ دەستەیەک پێشمەرگە لە نێو گردۆڵەی نەخۆشخانەوە بە داوێنی شاخێکی بەرزدا هەڵگەڕان، وردە وردە لەبەرچاوی بوونە خاڵ، پاشان بزر بوون. جێبێکی بۆری سەر ئاواڵە ئەو حەوت- هەشت کەسە شەل و قوڕی لێ بار دەکەن و لە تاریکی ئێواریێ خۆ دەکا بە ناو شاردا. لە یەکێک لە کۆڵانەکانی نزیک شارەداری بەریان هەڵدەدا. شۆفیرەکە چەکی پێ دەبێ، ئەو بەر لەوان شوێنەکەی بەجێی دێڵێ. هەتا لەبەر چاویان گوم نەبێ، نەیانوێرا لە جێی خۆیان ببزوون، هەر گومانی ئەوەیان هەبوو کە لە پشتەوە وەبەر دەسڕێژیان بدا. هەر چۆنێک بوو خۆیان دەگەیەننە شارەداری، دەستەیەک پاسدار لەسەربان کێشک دەدەن، ئیستیان دەدەن، خۆیان پێ دەناسێنن. بڕوایان پی ناکەن، بە ترس و گومانەوە وەریان دەگرن. پاش لێپێچینەوە و سواڵ و جوابێکی زۆر و وەرەقە پڕ کردنەوەی چەند بارە، سەبارەت بە چۆنیەتی بریندار بوون و هاتنەوە و ئازاد کردنیان، پاش دە ڕۆژ ئیزنیان دا بگەڕێتەوە تەورێز.

پاش حەوتوویەک ئێستا بە باشی ناحەسابۆوە و برینی بە تەواوی سارێژ نە بووبوو، بەیانیەکی زوو ماشێنی سپا هاتبوو بە دوویدا. ماوەی پازدە ڕۆژ هێنایان و بردیان. سوال و جواب و لێ پرسینەوەیان لێ کرد بوو.: «چۆن بوو بەریان دای و نەیانکوشتی؟ بۆ بەریان دای؟» ئەوانە پرسیارێک بوون کە ئەو جوابێکی باوەڕ

پێکراوی بۆ ئەوان پێ نەبوو. هەر پاساوێکی دەهێناوە بە گومانەوە لێیان وەر گرتبوو. پاش بێنە و بەرەیەکی زۆر، ئەوجار بانگی دەکەن دەڵێن: «تۆ شەهیدی زیندووی، تۆ ئازادی، دیلی دەستی دژی شۆڕش بووی. دەتکەین بە فەرماندەی سەربازخانە.»

ئەمە پاداش و خەڵاتێکی مەزن بوو کە دەیانخستە بەر دەمی. فەرماندەی سەربازخانەی تەورێز پاروویەکی زۆر گەورە بوو، بۆ زاری زۆر کەس نەدەبوو. شایی لە دڵی گەڕا، ئەوە دەیتوانی دەرد و ئازاری دڵەڕاوکەی مەرگی ئەو حەوت- هەشت مانگەی لەبیر بەرێتەوە. کە بردیانەوە ماڵێ سەری کردبووە سەر ڕانی نەنەزا، مێشکی ئاڵۆزی هێور بووبووەوە و زنازنای نێو گوێچکەی دامرکابوو. نەنەزارا وەک کاتی منداڵی بۆ دۆزینەوەی جڕ و جانەوەری خەیاڵی دەستی لە نێو قژ و کاکۆڵی وەرهێنابوو. جار جار نێوچاوانی ڕامووسیبوو. ئەو کوتبووی: «دیتووتە نەنە! چەندە زوو کۆڕەکەت پیر بوو! سەیرکە هەموو سەرم سپی بووە.»

نەنەزارا کوتبووی: « نا تۆ پیر نەبووی، تۆ قەت سەیری نووچکی ئەو کێوەبەرزانەت کردووە؟ هەمیشە سەریان سپییە. دنیا ئەوە ناهێنێ، زۆر قووڵی مەخوێنەوە. ئەو یەک دوو ڕۆژە تەمەنە ئەوەی ناوێ، بە هەر شێوەیەک بێ دەگوزەرێ. دایک هەموو شتێک نەدیتوو دەبینێ و نەبیستوو دەزانی، دەزانم ئەم ڕووداوانە ئەو ماوەیە مێشکی ئاڵۆز کردووی، کوڕم سەر لە خۆت مەشێوێنە، تۆ لاوی. لاو دەبێ وەدوای لاوی خۆی بکەوێ، وەدووی ویستی دڵی بکەوێ، ئەوەی دڵت پێی خۆشە ئەوە بکە»...

ئەو ئێستا دەسفرۆشێکی گەڕۆکە، هەموو کۆڵانەکانی شاری تەورێز دەگەڕێ. هەست دەکا فەرماندەی تەواوی شاری تەورێزە، مشتەریەکانی وەک سەرباز هەموو بەیانیەک لەبەر دەمی بەڕیز دەوێستن، بەڵام ئەو ڕووداوانە چەشنی هەنگ لە نێو کاسەی سەریدا هێلانەیان چێ کردووە، دایمە وزە وزیانە و دەست لە یەخەی ناکەنەوە. بە جۆرێک کە شەوانەش لێی دەبن بە کامووس. زیندەخەو دەبینێ؛ دووبارە دەنێردرێتەوە بۆ بەرەی شەڕی کوردستان، ئەو ئەگەرچی منداڵی گەڕەکی وشتروانە. ئەو گەڕەکە یەکێکە لە گەڕەکە شەڕانیەکانی تەورێز، هەر لە منداڵیەوە لەگەڵ شەڕ و شەڕەچەقۆ ڕاهاتووە. قەت لە شەڕ و مردن نەترساوە، بەڵام ئێستا لە شەڕ لەگەڵ دوکتۆر و ئەو کەسانەی کە ئەو و هاوڕێکانیان بە برینداری هەڵگرتبۆوە دەترسێ. نەیدەتوانی چاو لە چاویان بکا و بەرەوڕوویان بە قەستی کوشتن فیشەکیان پێوەبنێ؟ ئێستا سیمای دوکتۆر بەردەوام دێتەوە بەرچاوی کاتێ لێی پرسێ: «دوکتۆر تۆ ناوت چییە؟» ئەو دەڵێ: «ناو گرینگ نییە، بزانە من لە تۆ دەپرسم ناوت چییە؟» دووبارە یاو دەیگرێ، چەقوچۆ دەکەوێتە گیانی، لە سەرما هەڵدەلەرزێ. دوکتۆر دەبینێ پەتووەکەی خۆی پێدا دەدا و بە دڵسۆزی و میهرەبانیەوە برینەکانی تیمار دەکا. لە نەکاو بە دەم یاوەوە لە خەو ڕادەچەنێ، دەست دەگرێ بە شەویلکەیەوە لە ورد بوونی ددانەکانی دەترسێ. لە نێوان خەو و هۆشیاریدا خۆی بە شەرمەزار دەبینێ، جارێکی کە چووبۆوە بەرەکانی شەڕی کوردستان. خۆی بە قەرزداری ئەو خەڵکە دەبینێ کە ژیانێکی دووبارەیان پێ بەخشیبۆوە. ئەگەرچی نەخۆشی و پەککەوتەیی کردبووە بیانوو، بەو بیانووە خۆی لە فەرماندەیی سەربازخانە دزی بۆوە...

**بەفرانباری ٢٠٢٤**